**روانگە**

پارێزەر/ ئەردەلان ئەحمەد رەشید



# کۆنگرەی پارێزەران یا پاکانەی هەڵەکان؟

ناچارم کە بڵێم دەبوایە سەندیکای پارێزەرانی کوردستان نەچێتە ژێر فشـــاری کاریگەری (پارتەکانی کوردستان) و بێلایەنانە بەکارەکانی خۆی هەڵبســـتایە. ئەی پارێزەران پێش وەرگرتنی شەرەفی پیشەی پارێزەرایەتی ســـوێندی یاســـایی ناخۆن بۆ ئەوەی یاســـاپارێز بن و بێلایەنانـــە تێ بکۆشـــن بۆ هێنانە دی یاســـا و نەبن بـــە لایەک لە کێشەکان؟ کەواتە چۆن دەبێت پارێزەران بە پێچەوانەی ئەو سوێندە کار بکـــەن، کە لە ســـەرەتای دەســـبەکار بوونیانـــدا خواردوویانە، بەڵام ســـەیرتر لەمەیان ئەوەیە، کە چۆن و بە چ مافێک ســـەندیکای پارێزەران خۆی تەســـلیمی ویســـت و خواســـتی پارتەکان کرد و لە ســـەندیکایەکەوە کە دەبێت بە ویست و خواستی پارێزەران ئاڕاستە بکرێـــت و پارێزەری مـــاف و بەرژەوەندییەکانیـــان بێت، بگۆڕێت بۆ ســـەندیکایەک کە هەڵوێســـت و بڕیاری یەکلاکەرەوە تێیدا تەنیا و تەنیا لەلایەن حزبەکانەوە دەستنیشان دەکرێت و سەندیکاش بەندەی ملکەچە و هیچی تر!! دەسا سەد حەیف و مەخابن بۆ ناوی گەورە و پڕ شـــکۆی سەندیکای پارێزەران و رووی بە شەرم و دەستی کورت و هەڵوێســـتی نادیاری. بۆیە لێرەوە جێگەی خۆیەتی لەسەروبەندی گرێدانی کۆنگرەیان، باشتر وایە بڵێین کۆبوونەوەی فراوانی پارێزەران کە لە رێکەوتی (٢٠٠٨/٤/٢٤) دەبەسترێت بە مەبەستی پێداچوونەوە و هەموار کردنی یاسای پارێزەرانی کوردستان، رووی دەممان بکەینە هەموو ئەو بەشداربووانەی لەو بەناو کۆنگرەیە و پێیان بڵێین رجایەکی برایانە و هاوپیشانەتان لێ دەکەین. (مەردێ خاس ون وەقوروان ئەو ریشە چەرموەتان وم) ئەو جارەیان پارێزەرانە وەرنە مەیدان و هەموو کاریگەریـــە نێگەتیڤەکانی حزبایەتی لە بیـــری خۆمان دەرکەن و لە پێداچوونەوە و هەموار کردنی یاســـای تایبەت بە توێژەکەی خۆمان، پارێزەرانە بیر و هۆشـــتان بخەنە کار و بزانـــن ئەوەی ئێوەی بەرێز دەیکەنە راسپاردە و بڕیاری لەسەر دەدەن کاریگەری دەبێت، بۆ سەر سەرجەم پارێزەرانی کوردستان. بەو هیوایەی ئەم کۆبوونەوەیە یەکەم هەنگاوی گەڕانەوەی ســـەندیکای پارێزەران و سەرجەم سەندیکاکانی دیکەی هەرێمی کوردستان بێت بۆ سەر رێچکەی دروستی کاری پیشەیی و سەندیکایی و ببێتە نموونەی پیادە کردنی سیاسەتی هۆشمەندانەو سیســـتەمی دیموکراسی لە کار و هەڵوێستدا و رەنگدانەوەی هەبێت، لەســـەر وێنەی جوان و پڕ شکۆی کوردستان لە ئەمڕۆی ساتەوەختی لە مەحەکدانی ئەم هەرێمە وەک نموونەی تازەی دیموکراســـییەت و ئازادی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست.

**تێبینی// ئەو بابەتە لە ٤/١٥ ەوە رەوانە کراوە.**